# سیناریۆی دەستورو ئیعترافاتەکانی سەرانی ئەحزابی کوردی!



نوری بەشیر
n.bashir3@tiscali.co.uk

سەرتاپا کۆنەپەرستی دستوری دانراوی لایەنەکانی دەستکردی ئەمریکا قسەیەکی لەسەر نیە، کەهیچ رۆشناییەکی تیدا نیە بۆ خەلکی عیراق بەگشتی و خەلکی کورستان بەتایبەتی، بەهۆی ئەوەی کەمەسەلەی دین چوارچیوە گشتیەکەی پیکدینیت، ئینسانەکان لەبەردەم هەرەشەدان لەوکۆمەلگایەدا ئەگەر لەدەرەوەی ئەو چوارچیوەیە هەلسوکەوت بکەن، ئەوە ژنان ژنان لەدەستورەکەی ئەم ئەحزابانەدا وەك ئینسان سەیر ناکریت، ئەگەر بتەویت بزانیت ماهیەتی دەستوریك چەندە لەپیشە ئەوا بزانە چەندە مافەکانی ژنانی تیدا پاریزراوە، بۆیە ناکریت لەدەستوریکی وا چاوەروانی زیاتر بکەیت کەداریژەرانی کۆنەپەرسترین و دژی ژنترین هیزەکانی کۆمەلگا پیکدەهینن، بەلام ئەگەر لەسیناریۆی دەستورەکەیش واوەتر برۆین و ئیتعرافاتی سەرانی حزبەکانی داریژەرەی ئەو دەستورە سەرتاپا دژی ژنە دیقەتیك بکەین زۆر مسائیلی تر لەبەردەم خەلکی عیراق و کوردستاندا رۆشن دەبیتەوە.

## سەرانی ئەحزابی کوردی و چەواشەکاری و ئیعترافاتەکان!

لەم رۆژانەدا لەبەرنامەیەکی کورد سات دا ئازاد جندیانی لەسەرانی ئەو حزبە کوردیانە، زۆر بەرۆشنی و گیلانە ئیعترافی کرد کە ئەوان لەگەل چەندین لایەندا ئیئتلافیان کردوە کەسەرتاپا کۆنەپەست و هەر لایەیان دەیەویت لەریگای چالهەلکەندن بۆ ئەوی کەیان جیگاو کورسی خۆی بگریت و ببیتە سەرکوتکەرو دیکاتۆریکی تری وەك صدام بەلام بەدەموچاوی جیاوازەوە، کە ئاوا بەیانی کرد : ( ئەگەر دەنگدان شکست بینیت، ئەوا جاریکی تر دیکاتوری یان صدامانیکی تر دینە سەر حوکم کەتەنیا دەموو چاوەکانیان فەرقی هەیە...)، ئازاد جندیانی و حزبەکەی باقی سەرانی یەکیتی راست دەکەن و خۆیان دەخەلەتینن ئەگەر بلین تازە بەو راستیە گەیشتون لەسەر ئەو لایانانەی دۆستیان، زۆر راستدەکەن و تەنها دەمو چاوەکانیان صدام نیە، تەنیا بەروخساریاندا لەصدام جمهوری ئیسلامی ئیران جیا ئەکرینەوە، بەلام لەماهیەتدا یەك شتن، واتە ئەوان بەروخسار صدام نیە ئەگینا زۆریکیان نۆکەران و ئەلقەلەگویو پەروەردەیی دەستی صدامن ئەگەر هی ئەو نەبن ئەوا ئەلقەلەگویی جمهوری ئیسلامی ئیران و حزب اللەی لوبنانن، واتە لەنەزەر ئەم سەرکردەیەی یەکیك لەئەحزابە کوردیەکانەوە کە سەرۆك کۆماری عیراق سەرۆکی حزبەکەیشیتی، ئاوا قسەکەی بەیان ئەکات، ئەگەر ئەو دەستورە بەقازانجی ئەوان دەنگی بۆ نەدریت، کەمن ئەلیم بەقازانجی ئەوان خۆیان و حزبەکانیان ( لەبەر ئەوەی قازانجی خەلکی کوردستان جیاوازە لەقازانجەکانی ئەو حزبانەی بزوتنەوەی کوردایەتی! )، ئەوا معادەلات دەگۆریت، جاریکی دیکتاتۆری دەگەریتەوە، کە نە دەنگدانی ئەم جارەو نەدەنگدانی پیشوو هاتوهاواریان دنیای پر کرد، بەشی خەلکی جگە لەبیئاوی و کارەبایی و بی سوتەمەنی و ژیانیکی نائاسایش هیچی تیا نەبووەو نیەو خەلك شاهیدی ئەم راستیەن.

کەواتە ئازاد جندیانی مەبەستیتی ئەگەر لەمەدا شکست بخۆن بەقازانجی هەر لایەنیکی تر لەوانەی لەگەیاندا ئیتلافیان هەیە و چەند سالە بە شانوبالیاندا هەلدەدەن، ئەوا ئەمرۆ لەبەردەم هەرەشەدان و ترسی کورسیەکانیان هەیەو پیویستیان بەپەنجەمۆری خەلکی کوردستان هەیە، و لەنیو چەواشەکاریەکانیاندا گیلانە هەندی راستیان بۆ یەکەم جار لەسەر ئەو لایەنانەی تری وەك خۆیان کەدەستکردی ئەمریکان دەخەنە روو، قسەکەی ئازاد جیندیانی راستە لەسەر

ماهیەتی ئەو حزبانە کە ئەمان لەگەڵیاندا تەوافقیان کردوەو پیایاندا هەڵدەدەن، بەڵام پرسیاریك خۆی تەرح دەکات کەئایا ئەگەر لایەنیك لەگەڵ هیزو لایەنی لەو جۆرەدا تەوافق بکات و دەولەتیان لەگەڵدا پیکبینیت و ساتوسەودایان لەگەڵ بکات، ئەبیت بەخۆی بلیت چی!؟.

ئایا ئیوە رۆژیك لەرۆژان کەهەستان نەك بەوەزعیەتی خەلکی کوردستان نەکردوە، مسئولیەتتان بەرامبەر خەلکی کوردستانیش نیشان نەداوە، کە پیویستان بەدەنگدان و پەنجەکانیان هەبیت بەفازانجی خۆتان ئەوا کەرکوك قودس و قیبلەی کوردستانە و خەلکەکەی شیرو گیانفیدان و بەغەیری ئەوە سالی پار نوشیروان مستفا بەشیوەیەك سوکایەتی بەخەلکی کرکوك کردو ئەمسال جلال تالەبانی بەخیانەتکار ناوی بردن. 14 سالی رابردو لەکوردستان چی راستیەك لەسەر ئیوە دەخاتە روو، زیاتر لەدەیەیەك لەدەستەلاتتان لەکوردستان بەچی وەلامی خواستەکانی خەلکتان دەداوەتەوە! جگە سەرکوت و گرتن و کوشتار چەواشەکاری بەوەی کە پەرلەمان و حکومەتەکانتان ساوایە! کە تا ئیستاش هەر ساوایەو نەتان توانیوە پیداویستیە رۆژانەییەکانی خەلك لەکارەباو ئاوو و سوتەمەنی بۆ خەلك دابین بکەن، بەلام کەپیویستان بەپەنجەمۆری خەلکی کوردستان هەبوبیت ئەوا هەرچی دەهۆلەکانتانە بەکۆن و تازە دەیخەنە گەرو وانیشاندەدەن کەئیوە بۆ خەلك سوتاون و کەس لەئیوە بۆ خەکك دلسۆزتر نیە. بەلام خەلکی کوردستان و عیراق ئەمرۆ لەهەموو کات زیاتر داخ لەدلە لیتان، لەکەلەکە بونی سەروەت و سامان و ئاو کارەبا و سوتەمەنی زۆر لای ئیوەو فەقیری و هەژاری و بیکاری ترسی بایعی برین و نەبونی ئاوو کارەبا و سوتەمەنی لای زۆربەی خەلك، نارەزایەتیەکانی ئەم دواییەی رانیەو کەلار لەبەرامبەرتاندا ئەو راستیانە دەسەلمینن.

کەواتە ئازاد جندیانی و جلال تالەبانی و باقی سەرانی ئەحزابی کوردی لەم ئیعترافانەدا دەیانەوی چ پەیامیك بەخەلك بلین جکە لەچەواشەکاری!، ئەگەر لایەنیك لەگەل لایەنەکانی وەك صدام بەدەموچاوی جیاوازە بچیتە ئیئتلافەوە، دەولەت دروست بکات، دەستور بنوسیتەوە و سەروەت و سامانی کۆمەلگا بدزیت و گەندەلی ئیداری و راوو رووت و تەقەکردن لەخەلك بکەنە روخساری کۆمەلگا و دەستهەلگریت لەماف و خواستی سەربەخۆیی بیئەملاو لای خەلکی کوردستان، ئەبیت چ راستیەك نیشان بدات!؟ ئیتر ئەمەچەواشەکاریەکی ئاشکراو خۆلکردنە چاوی خەلکەوەیە وەك ئەوەی لەدەورەی پیشودا هەر ئەمەیان کروە، وە ئەبیت ئەم سەرانەی بزوەتنەوەی کوردایەتی چ بەخەلك بلین، کەلەچەندین سال لەمەوپیش بەردەوام و لەکۆبونەوەی لەندەندا ئیمە ئەو راستیانەمان ئەو لایەنە قەومی ئیسلامیانەی دۆستیان خستۆتە روو و ماهیەتیانمان فەزح کردوە.

ئەبیت ئیوە چی بەخەلکی کوردستاندا بلین، کەجیا لەوەی کەئیستا کیشەو مشکیلەی خەلکی عیراق و کوردستان دەستور نیە، هەروەها جیا لەوەی ناوەرۆکەکەی نانیك بەسفرەی خەلك زیاد ناکات و شتیکی بۆ خەلك تیا نیەو ئاسایش بۆ خەلك دابین ناکات و ریگا ناگریت بەروودانی شەری تایفی و دینی، جگە لەوەی کورسیەکانی خۆتان بپاریزن؟.

## گالتەجاری و چەواشەکاری دەستوریکی کۆنەپەرستانە!

سیناریۆی هینانی دەستورو دەنگدان بۆی لەلایەن ئەمریکا و قبولکردنی هەر لایەنیکی تری قەومی و ئیسلامی عەرەبی تا دەگاتە ئەحزابی قەومی کوردی، واقعیەتی شکستی ئەمریکا لەعیراقدا دەخاتە روو، وە بیتوانایی سەرجەم ئەو حزب و لایەنانەی داردەستی ئەمریکا لەئیدارەی کۆمەلگا، بۆیە شیتکی تر لەسواربونی شەپۆلی خەلکی عیراق و کوردستان نادات بەدەستەوە، خەلك بەچاوی خۆیان و خۆین و گۆشتی خۆیان دەسەلاتداریتی 14 سالەی ئەحزابی قەومی کوردیان بینی لەکوردستاندا، دەسەلاتداریتی نزیك بە3 سالی ئەمان و هیزە کۆنەپەرستە ئیسلامی و قەومیە

عەرەبیەکانیان بەسەرپەرشتی ئەمریکا بینی، ئایا لەیوە ناتوانین بلیین تەنیا دەموچاوەکان گۆراوە لەچاو دەورەی پیشویاندا. خەلك بەعەمەلی بیمافیەکانی خۆیان بینی لەشەری ناوخوو بەهیزکردنی کۆنەپەرستی ئیسلامی و لیدان لەرادیکالیزمی کۆمەلگا و نەبونی و نەداری و حجابی بەزۆر و زواجی متعەو فتوای کەسانی علمانی و کۆمۆنیست و داخستن و سوتاندنی سینەماو صالۆن و مشروب فرۆشی، هەروەها خەلکی بەعەمەلی دەسەلاتی رەشی حزبە ئیسلامیەکانی صدرو بدرو مجلیسی ئەعلایان بینی، کوشتن و رفاندنی ژنان و دریژەدان بەعقوبەی ئیعدامیان بینی، هەموو ئەمانە هیشتا پیش دەستورو جیگیر بونی دەسەلاتەکانیانە ئەی ئەگەر دەسەلاتەکانیان جیگیر بیت ئەوا چۆن لەسلیمانی سەماوەو کەلار تەقەیان لەخەلك کرد، ئەوە دەیشیکەنە قانون وەك دسەلاتەکەی دیکتاتۆری پیش خۆیان، هەر ئەمەشە کە دەیانەوی خەلك بەرنە بەردەم صندوقەکانی دەنگدان، بۆ ئەوەی بەدەنگی خەلك دەستوریکی کۆنەپەرستانە داسەپینن بۆ ئەوەی خەلکی پی سەرکوت کەن.

ئەگەر دەنگدانی پیشوو خەلکتان چەواشە کردو دەهۆلی پیشکەوتنخوازیتان بۆ ئەو لایەنە کۆنەپەرستانەی ئەمرۆ ئیتعترافی رەفتار صدامیان لەسەر دەکەن دەکوتا، ئەوا ئەم جارە خەلك زیاتر بەئاگا هاتۆتەوەو وەك پیشوو بەدەهۆلەکانتان هەلناپەری و زۆریك نا بۆ دەستورو دەسەلاتەکانتان دەلیت کەناتوانن لانی کەمی ئاسایش، ئاو، کارەباو سوتەمەنی بۆ خەلك دابین بکەن، وە دەستورەکەیشتان ناتوانیت شتیك لەوە زیاتر بەدیاری بۆ خەلك بهینیت.

2005-10-13